Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10318

# ئەتڵەسی جێناوە کەسییەکان لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا

**شیراون حسێن حەمەد[١]، ڕێباز ابراهیم مەحمود[٢]**

١- بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەڕێوەبەرایەتی تۆماری گشتی، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئەتڵەسی زاری یان شێوەزاری بریتییە لە کۆمەڵێک نەخشەی زمانی، کە بڵاوبونەوەی دیاردەیەکی زمانی لە سنوری جوگرافی ناوچەیەکی دیاریکراو نیشاندەدات. ئەم نەخشە زمانیانە لە ڕێگەی کۆمەڵێک هێمای تایبەت تایبەتمەندی دەنگی یان وشەیی یان ڕێزمانی یاخود واتاییەکانی ئاخێوەرانی ڕەسەنی ناوچە دەستنیشانکراوەکە دەخاتەڕو.

نیشاندانی چۆنییەتی دابەشبونی جۆراوجۆری زمانی لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو بە زارناسی جوگرافی ناودەبرێت، لە زارناسی جوگرافیدا ناوچەی جوگرافی و دوری نێوانی ناوچەکان بە بنەمای گرنگ هەژماردەکرێن. لێکۆڵەری زمانی هەندێک گۆڕاوی زمانی هەڵدەبژرێت بەپێی ئامانجی دیاریکراو جیاوازییە دەنگی وشەسازی و ڕستەسازی زمانی بە ئامانجگیراو لە ناوچەیەی دەستنیشانکراو لە سەر نەخشە نیشاندەدات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ئەتڵەسی جێناوەکەسییەکان لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا)، هەوڵدەدات ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژی (٢٢) گۆڕاوی زمانی بکێشێت و شیبانکاتەوە، گۆڕاوە زمانییەکان لەم لێکۆڵینەوەیدا تەنیا گۆڕاوی مۆرفیمین لە جۆری جێناوەکەسییەکان. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەر بنەمای ڕێبازی (وەسفی_مەیدانی_ئاماری)، کە بە زارناسی کلاسیک ناودەبرێت ئەنجامدراوە، هەوڵدراوە لە سەر بنەمای ئەم ڕێبازە یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی (شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی) شیبکرێنەوە و نیشانبدرێن.

دوای هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی گۆڕاوە زمانییەکان، لە ڕێگەی پرسیاری کورت و گفتوگۆ لە گەڵ ئاخێوەران، دوای گوێگرتن و نوسینەوەی گۆڕاوەکان و شیکردنەوەی ئاماری ڕێژەی وەرگیراوەکان بە بەرنامەی (SPSS) خراونەتەڕو. گریمانەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (گۆڕاوی زمانی- ئاستی مۆرفۆلۆژی لەسەر بنەمای هەڵکەوتەی سنوری جوگرافی لە ناوچەی خۆشناوەتی جیاوازی بەرچاودەکەوێت و شێوەی زمانی تەواوی ناوچەکە جیاوازە، ئەگەرچی جیاوازییەکان کەمیش بن) لە کۆتاییدا گریمانەکە لە لایەن لێکۆڵەرەوە پەسەند و جێبەجێ دەکرێت.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted: August, 2022

***Keywords***

زمانەوانی جوگرافی، ئەتڵەسی زمانی، گۆڕاوی زمانی، شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی

***Corresponding Author***

Shrwan983@uoredu.krd

rebaz.ebrahim@koyeuniversity.org

## پێشەکی:

### ١- ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (ئەتڵەسی جێناوە کەسییەکان لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا)هەوڵدراوە ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژی (٢٢) گۆڕاوی زمانی لە شێوە ئاخاوتنی ناوچەی خۆشناوەتی بکێشرێت و شیبکرێتەوە، گۆڕاوە زمانییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا گۆڕاوی مۆرفیمی/ جێناوە کەسییەکان وەرگیراون.

### ٢- گرنگی و پێویستی لێکۆڵینەوەکە:-

تۆمارکردن و پاراستنی فۆڕمە زمانییەکان لە هەمو ئاستەکان پێویستییە، ئەوەی بۆتە هەژاری و دەستبەستویی لەبەردەم لێکۆڵەران لە بواری زمانەوانی کوردی نەبونی تۆمار و پاراستنی

فۆرمە زمانییەکانە. تۆمارکردن و پاراستنی فۆرمە زمانییەکانی شیوەزاری خۆشناوەتی و خستنەڕویان لەسەر نەخشە دەبێتە مایەی پاراستنی ئەو شێوەزارە و مانەوەی وەک کەرەستەیەکی خاو بۆ نەوەکانی داهاتو تاکو لە لێکۆڵینەوە جۆربەجۆرەکانی زمانەوانی سودیان لێ ببینرێت، گرنگی و پێویستی لێکۆڵینەوەکە بریتین لەمانە:

١- لە پرۆژەی کێشانی ئەتڵەسی زمانی هەمو زمانانی جیهان هەمو زار و شێوەزار و بنزارەکان ئاماژەیان پێدراوە، لە کیشانی ئەتڵەسی زمانی کوردیش پێویستە هەمو زار و شیوەزارە بنزارە کوردەییەکان ئاماژەیان پێبدرێت.

٢- لە رێگەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەتوانین سنوری وەکیەکی و جیاوازی نێوان زار و شێوەزارە کوردییەکان دەستنیشان بکەین.

٣- گۆڕاوە زمانییەکان لە روی مۆرفۆلۆژییەوە لە سنوری شێوەزاری خۆشناوەتی دەخرێنەبەرچاو.

### ٣- ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:-

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتیین لە:-

١- نیشاندانی دابەشبونی جوگرافی (٢٢) فۆرمی زمانی_ئاستی مۆرفیمی لە ناوچەی خۆشناوەتی و ئامادەکردنی ئەتڵەسی زمانی.

٢- لەسەر بنەمای گۆڕاوە دیاریکراوەکان، سنوری ناوچەی خۆشناوەتی دەستنیشاندەکرێت.

٣- شیوەئاخاوتنی ناوچەی خۆشناوەتی تۆماردەکرێت.

### ٤- رێبازی لێکۆڵینەوەکە و کۆکردنەوەی فۆرمە زمانییەکان:

لێکۆڵینەوەکە بەپێی رێبازی وەسفی ئێستایی هەوڵدراوە جێناوە کەسییەکانی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی وەربگیرێن و شیبکرێنەوە. فۆرمە زمانییەکانیش بە شێوەی مەیدانی کۆکراونەتەوە و گۆڕاوە زمانییەکانیش تەنیا گۆڕاوی مۆرفیمین.

### ٥- گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:

١- گۆڕاوی زمانی ئاستی مۆرفیمی بەپێی ناوچەی جوگرافی لە سنوری شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی دەبینرێن، رەفتاری زمانی لە سەرانسەری سنورەکە چونیەک نییە، وێڕای هەبونی جیاوازییەکی کەم لە هەندێک گۆڕاودا.

٢- زار و شێوەزاری تری کوردی لە ناو سنوری ناوچەی خۆشناوەتی بونی هەیە.

### ٦- پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە:-

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:-

١- ئایا گۆڕاوی زمانی_ئاستی مۆرفیمی بەپێی شوێنی جوگرافی لە سنوری ناوچەی خۆشناوەتی بەدیدەکردێت؟

٢- گۆڕاوە زمانییەکانی ئاستی مۆرفۆلۆژی شێوەزاری خۆشناوەتی کامانەن؟

٣- ئایا شێوەزاری تر لە ناو سنوری شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتی بەدیدەکرێن؟

### ٧- ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دەرئەنجام و دو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم لە چوار تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم باس لە زمانەوانی جوگرافی دەکات، تەوەرەی دووەم ئەتڵەسی زمانی، تەوەرەی سێیەم شوێنی جوگرافی شیوەئاخاوتنی خۆشناوەتی لە ناو زمانی کوردیدا خراوەتەڕو، لە تەوەرەی چوارەمدا کورتەیەک لەسەر جێناوەکەسییەکان باسکراوە، بەشی دووەمیش چوارچێوەی کارەکی لێکۆڵینەوەکە لە خۆدەگرێت.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوەکە:

### ١-١ زمانەوانی جوگرافی:

زمانەوانی جوگرافی بریتییە لە لقێکی نوێی زانستی زمان، وەک لقێکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی هاوچەرخ، سەرەتای دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای سەدەی (١٩)، کە لەسەر دەستی (مارتین سارمینتۆ)، لە پەرتوکی (فەرهەنگ)ی جوگرافیای زمانە رۆمانیەکان دەستی پێکردووە. ئەو بەردەوام نەبوو لە توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە. ئەم زانستە لە سەدەی ڕابردو پەرەپێدرا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی بەردەوام، بە تایبەت لە ساڵانی حەفتاکان(الشناوی٢٠١٠: ٨).

زمانەوانی جوگرافی یەکێکە لە زانستە زمانەوانییە نوێیەکان، کە لە چوارچێوەی زمانەوانی کارەکیدا لەو لایەنە شاراوانەی زمان و زارەکان و جیاوازی و لایەنە هاوبەشەکانیان بەپێی شوێنی جوگرافی دەکۆڵێتەوە لە سەر نەخشە دەیانخاتەڕو، هەروەها ئەو فاکتەرە ژینگەیی و جوگرافییانە و هۆکاری جیاوازییەکان دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و رونیان دەکاتەوە لە گشت ئاستەکانی زمان دەنگی، رێزمانی، فەرهەنگی (مرداسی٢٠١٥: ٢٦). هەر زمانە و هەڵگری تایبەتمەندیە ژینگەییەکانی خۆیەتی، بە هەمان شێوە زار و شێوەزارەکانیش، ناوچەی جوگرافی دەسەڵاتی هەیە بە سەر زماندا ئاسانی و سەختی هاتوچۆی ناوچەی جوگرافی زمانەکە و تێکەڵی و دورەپەرێزی هاوزمانان جیاوازی و هاوبەشییەکانی زار و شێوەزارەکان کەم و زۆر دەکات.

لەبەر فراوانی و پەیوەستبونی زمانەوانی جوگرافی(Geographic Linguistics) و فرە ئەرکی ئەم زانستە پێناسەی جیاجیای بۆکراوە، هەر زانستێک کە هەڵگری ناساندنی جیا و هەبونی بیر و ڕای جیاواز دەربارەی سەلمێنەری زیندویی و بایەخداری زانستەکەیە:(رێگایەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە زانستی زمان و ئەرکی تۆمارکردنی هەبونی راستەقینەیی زمانە لە سەر نەخشە)(الینبعاوی ١٤٣٦:٦٣). ئەم زانستە بۆ ئەوە سەری هەڵدا کەوا گشت لایەنەکانی زمان

وەک چۆن بونی هەیە وکاری پێدەکرێت بیخاتەڕو و لە ڕێگەی نەخشەی جوگرافی ژینگەی زمانەکە شیبکاتەوە.

یان دەوترێت: (لێکۆڵینەوە لە زمانەکانی ناوچە جیاوازەکانی سەر زەوی و دابەشبونی دیالێکتەکانیان وگرنگی و بایەخی هەر یەکێکیان لە ڕوی سیاسی و ئابوری و ستراتیژی و ڕۆشنبیرییەوە دەکات، هەروەها لێکۆڵینەوە لە ڕێگاکانی کارلێکردنی زمان و دیالێکتەکان لەگەڵ یەکتر دەکات) (عمر١٩٩٥: ٥٤). وەک چۆن گشت دیاردە گەردونییەکان بەسەر تەواوی گەردون دابەشبون بە شێوەی جیا جیا دیاردە زمانییەکانیش بەشێوەی جیاجیا دابەشبون ئەرکی زمانەوانی جوگرافیش لێکۆڵینەوەیە لەو دیاردە زمانیانە و خستنەڕوی چۆنیەتی دابەشبون و دیاریکردنی ئەرک و جیاوازی زمانەکانە لەگەڵ یەکتری، بایەخ وگرنگی زمان و زارەکان لە ڕوی سیاسی و ئابوری ... دەخاتەڕو لە سنورە زمانییەکەی.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە: (زانستی مامەڵەکردنە لەگەڵ دابەشکردنی جوگرافیای زمان و دیالێکت و سنوری دیاردەکانی زمانەوانی لە ڕوی دەنگی یا ڕێزمانی یان واتایی وگرنگیدانە بە پەرەسەندنی ئەتڵەسی زمانەوانی نێوان هەرێم و دوورگەکان)(عباس ٢٠٠١: ١١٩). ئەم زانستە مامەڵە لەگەڵ دیاردە زمانەوانیەکان دەکات بە پێی دابەشبونی جوگرافیان و گەشەکردن و پەرەسەندیان لە هەرێم و ئەو ناوچەیەی لێیەتی، لەگەڵ ئەو گەشەکردنەی زمان چ گۆڕانێک لەو دیاردانە ڕودەدات ئەو پەرەسەندنە لەسەر ئەتڵەس ڕوندەکاتەوە.

سەرنجدان لەو پێناسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە لە پێناسەی یەکەم گرنگیدانە بە هەبونی خودی زمانەکە وەک خۆی و نیشاندانییەتی لەسەر نەخشە، واتە دیاریکردنی سنوری ئەو زمانەیە بە گشت تایبەتمەندییەکانی و ئەو بارودۆخەی کە هەیەتی لەو ژینگە زمانی و جوگرافیەیە، پێناسەی دووەم گرنگی بە لایەنەکانی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و ...هتد، دەدات، کە ئەمەش پێویستی بە ئامار و داتای ورد و ڕاستی بوارەکانی دیکەی زانیاری تایبەت بە مرۆڤە، هەرچی پێناسەی سێیەمە بەیەکەوە گرێدانی هەردو بواری جوگرافیا و زمانە، گرنگیدانە بە دیاردە زمانی و دیالێکتەکان لە ڕوانگەی جوگرافی کە لە کۆتاییدا ئەتڵەسی زمانی لێ بەرهەمدێت.

لە سۆنگەی کاری لێکۆڵینەوەکە دەکرێت بڵێین پێناسەی سێیەم لەگەڵ کارەکەی ئێمە گونجاوترە، کە جەخت لەسەر پێکەوەگرێدانی زانستی جوگرافی و زمان دەکاتەوە، ئەرکی ڕاستەقینەی زمانەوانی جوگرافی پیشان دەدات، کە ڕونکردنەوەی دابەشبونی زمانە لە ناوچە جوگرافیەکەی و لە کۆتاییدا پەرەسەندنی ئەتڵەسی زمانی هەرێمە جیاجیاکان دەخاتە بەردەست.

### ١-١-١بوارەکانی زمانەوانی جوگرافی:

زمانەوانی جوگرافیش کۆمەڵێک بوار لە خۆدەگرێت لەوانە: پەرش و بڵاوبونەوەی زمانە جیاجیاکانی جیهان بە سەرگۆی زەوی، جیاوازی نێوان زمانەکان لە چوارچێوەی دۆزینەوە و ئاشکراکردن و ناساندنی واتای چەمک و زاراوەکانی (زمانی خۆماڵی یان زمانی جێگرەوە، زمانی فەرمی، زمانی بەربڵاو، زمانی پیرۆز، زمانی داگیرکەران، زمانی گشتی، زمانی تایبەتی، زمانی سەرەکی، زمانی لاوەکی، دو زمانی، فرەزمانی) ( ماریوبای١٩٩٨: ١٨٦)، کە ئەم لایەنانەی بواری زمانەوانی جوگرافی وەک یەکێک لە ئەرکەکانی باسکردووە، هەروەها ئەو ڕێنوسانەی ئێستا زمانە جیاجیاکانی جیهان بەکاریاندەهێنن دەستنیشانکردن و سنور و بڵاوبونەوەی هەریەکێکیان، دیاریکردنییان لەسەر نەخشەی زمانەکانی جیهان لایەنێکی تری سەردەمی بوارەکانی زمانەوانی جوگرافییە(الوعر٢٠٠٦: ٨)، لە هەرە گرنگترین بوارەکانی زمانەوانی جوگرافی دانانی ئەتڵەسی زمانییە، کە بە بۆچونی هەندێک لە زمانەوانان ئامانجی سەرەکی زمانەوانی جوگرافییە(ئەحمەد٢٠١١:٨٤).

بوارەکانی زمانەوانی جوگرافی بابەتی ئێستایی و زیندوی زمانەوانین، بۆ لێکۆڵینەوە لێیان و خستەڕوییان پێویستیان بە کاری مەیدانی و ئامارکردنیانە لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەری.

### ١-٥زمانەوانی جوگرافی و ئەتڵەسی زمانی:

وەک پێشتر زانیمان زمانەوانی جوگرافی زانستێکە خەریکی لێکۆڵینەوە و پۆلێنکردنی زمان و زارەکانە بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە زمانییە دەنگی، وشەیی، ڕێزمانی و واتاییەکان، کە زمانێک لە زمانێک یاخود زارێک لە زارێک جیادەکاتەوە، لە وڵاتێک یان لە دو وڵات کە یەک زمان تێدابەکاردێت لە سەر بنەمای دیالێکتۆلۆژیی تیۆری. زۆربەی کات ئەم لێکۆڵینەوە لە زانستی زمانەوانی جوگرافی بە دانانی ئەتڵەسی زمانی کۆتایی دێت، دابەشکردنی تایبەتمەندی زمانەوانی لە سەر نەخشەی جوگرافی بە ڕێگای هێمای تایبەتی، هەروەها خاسیەت و جیاوازییەکانی نێوان هەر زمانێک یان لە نێوان دیالێکتەکانی زمانێک ڕوندەکاتەوە لە سەر ئاستی ئاسۆیی(عبدالتواب١٩٩٧:١٤٧).

بەپێی بیروبۆچونی زۆربەی زمانەوانان لە دانانی ئەتڵەس کە بوارێکە لە بوارەکانی زمانەوانی جوگرافی پشت بە وشەکانی زمان دەبەستێت، وەسفییەکانیش تێڕوانینیان وایە کە لە دوای فۆنیمەکان وشە بە پلەی دووەم دێت لە لێکۆڵینەوەی وەسفی زماندا لە ڕوی گرنگی داتا زمانییەکان، هاوشێوەی ئەمان لە زمانەوانی جوگرافیشدا ئەم گرنگیە بەو شێوەیەیە، گونجاوترین نمونە بۆ لێکۆڵینەوەی زمان ئەتڵەسی زمانییە لە ژێر کاریگەری بارودۆخی ژینگەیی و جوگرافی دیاریکراودا، وێڕای ئەوەی ئەم

جۆرە لێکۆڵینەوانە لە بنچینەدا لە لایەن زمانەوانانی مێژوویی و بە مەبەستی مێژوویی سەریانهەڵداوە، دواتر بونەتە بنەمای ڕێبازی وەسفی پراکتیکی لە بواری لێکۆڵینەوەی زمانیدا، هەر لە سەرەتای دانانی ئەتڵەسی زمانی بۆتە ئامرازێکی بەهێز و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریهێناوە، چونکە شتێکی ڕون و ئاشکرایە کەوا لە ئەتڵەسدا هەبونی ئێستایی زمان دەخرێتەڕو وەک ئەوەی چۆن هەیە لە ئێستا لە هەر شوێنێکی جوگرافی و ژینگەییدا بێت. هەروەها بایەخ و گرنگی ئەتڵەسی زمانی لە لێکۆڵینەوەی دیاردە زمانیە زیندووە هەنوکەییەکان و پراکتیزەکردنی تەکنیکی پراکتیکی، لێکۆڵینەوەکان زیاتر نزیک دەکاتەوە لە ڕێبازی وەسفی وەک لە ڕێبازەکانی مێژوویی و بەراوردکاری و پێوەری(فرستیغ١٣١:٢٠٠٣-١٣٢). ئەو بۆچونانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کەوا بواری دانانی ئەتڵەسی زمانی دەکەوێتە ناو ڕێبازی وەسفی لە نێو ڕێبازە زمانەوانییەکان، چونکە زۆربەی یا خود گشت ئەو بنەمایانە لە خۆدەگرێت، کە بنەما و پێوەری بنچینەیی ڕێبازی وەسفین، تەنیا جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە ئاخۆ دانانی ئەتڵەسی زمانی دەچێتە ناو بازنەی زمانەوانی پراکتیکی یاخود پەیڕەوێکی وەسفییە بۆ زمان.

لە لایەکی ترەوە لەو کاتەی کە ڕێبازی مێژوویی و پێوەری بەسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا زاڵ بون تەنیا گرنگی بە چەند زمانێکی دیاریکراو دراوە زۆرێک لە زمانە زیندووەکان و دیالێکتەکان خراونەتە دەرەوەی بازنەی لێکۆڵینەوەکان، بەڵام لە گەڵ لە دایکبونی ڕێبازی وەسفی لە زمانەوانیدا دیالێکتۆلۆجیا و دواتر زمانەوانی جوگرافی و ئەتڵەسی زمانی سەریانهەڵداوە و پەرەیان سەندووە(ئەحمەد ٢٠١١: ٩٢)، کەواتە دوای ئەوەی کە زمانەوانی وەسفی گەشەی کرد، لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکان پەرەی سەند و بە تێپەڕبونی کات گەشەی کرد، هاوتەریب لە گەڵ ئەو پەرەسەندنانە زمانەوانی جوگرافی سەریهەڵدا و لە پەرێزی زمانەوانی جوگرافی ئەتڵەسی زمانی چەکەرەی کرد.

### ١-2چەمک و زاراوەی ئەتڵەسی زمانی:

ئەتڵەسی زمانی دەرهاویشتەی ئەو گەشەکردن و بەرەوپێشچونانەی لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانە کە لە بارەی دیالێکتی زمانە جیاوازەکان ئەنجام دەدران، ئەمەش دوابەدوای کۆکردنەوەی زانیارییەکانە(Data) لەسەر زمانێک و تۆمارکردنیانە لەسەر نەخشەی جوگرافی جیاجیادا، بە تایبەتی لە چوارچێوەی قوتابخانە نوێیەکانی زمانەوانی سەرچاوەی گرتووە و بە (زمانەوانی ڕوبەری Areulinguistics)، یان پانتایی ناسراوە(سەعید٢٠١١: ٦٦) مەبەست لە پانتایی ڕوبەرە جوگرافیەکەیە کە دیاردە زمانییەکانی تێدا بڵاوبۆتەوە.

### ١-2-١پێناسەی ئەتڵەسی زمانی:

هاوشێوەی گشت دیاردە زمانییەکانی تر پسپۆڕ و زمانەوانان پێناسەی جیاجیان بۆ ئەتڵەسی زمان کردووە، لە خوارەوە چەند پێناسەیەک خراونەتەڕو:

ئەتڵەسی زمانی پەرتوکێکە، کە کۆمەڵێک نەخشە لە خۆدەگرێت، کەوا تایبەتمەندی (دەنگی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و فەرهەنگی) دیالێکتێک یاخود زمانێک نیشاندەدات، ئەم ئەتڵەسە بە ئامانجی ئەوە هاتۆتەدانان تاکو دەربڕینی دیالێکتێکی زیندوی سەربە زمانێک دیاری بکەن(دراج ٢٠٠٩: ٧٨).لە دیدی ئەم پێناسەیە ئەتڵەسی زمانی پەرتوکێکی وێنەییە لە ڕێگەی وێنەی نەخشەکانی ناو پەرتوکەکە دیاردە زمانییەکانی دیالێکتێک یان زمانێک دوای کۆکردنەوەیان دیاریدەکرێن و هەڵدەگیرێن، کە بە شێوەیەکی کارەکی تۆمارکراون. بە جۆرێکی تر دەتوانین بڵێین لە ڕەنگدانەوە و دەرخستنی جیاوازی نێوان دیالێکتەکان بەپێی جیاوازی هەڵکەوتەی شوێنیان لە نەخشەی جوگرافیدا، کە لە ڕێگەی دانانی یەکە زمانییەکانەوە ئەنجامدەدرێت، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە نوێیەکان دەگێڕێت(Bussman1996:281)، لە ڕێگەی یەکە زمانییەکانەوە جیاوازی نێوان دیالێکتەکان و شوێنی جوگرافیان لەسەر نەخشە دیاریدەکرێت و دەخرێنەبەرچاو. بەم پێیە ڕێگەیەکی خێرایە بۆ تۆمارکردنی دیاردە زمانەوانیەکان لەسەر نەخشە جوگرافییەکان کە بە ڕوونکردنەوەی شوێن و قۆناغەکانی ژیان دیاری دەکرێت بە قەبارەیەک کۆبکرێنەوە کە بەشەکانی نەخشەکانی زمان لەخۆدەگرێت، کۆتایی بابەتەکە ڕێگایەکە بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەکان و دۆکیومێنتکردنیانە بە نەخشەی جوگرافی (الحربي ٢٠١٣:٢٤)، ئەتڵەسی زمانی ڕێگەیەکی ئابوریکردنە لە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی دیاردە زمانییەکان.

فەرهەنگی کەلەپووری ئەمریکی دەڵێت ئەتڵەسی زمانی بریتیە لە "کۆمەڵە نەخشەیەک کە دابەشکردنی جوگرافی جیاوازییەکان لە دیاردە زمانییەکان تۆمار دەکەن. هەروەها پێی دەوترێت ئەتلەسی دیالێکت، بەڵام دەبێت جیاوازی لە نێوان ئەتڵەسی زمان و ئەتڵەسی دیالێکت بکەین بەپێی ڕێچکەی کارکردنیان(Borgen,Nerbonne, Watt 2018: 57)، بە کۆمەڵە نەخشەیەک جیاوازی دابەشبونی دیاردە زمانییەکانی زمانێک یان دیالێکتێک یا شێوەزارەکانی زمانێک تۆماردەکرێن و گلدەدرێنەوە بە پێی سنوری لێکۆڵینەوەکە لە زمانێک یان دیالێکتێک قەبارەی ئەتڵەسەکە دیاریدەکرێت.

سەرنجدان لەو پێناسانەی سەرەوە دەکرێت بڵێین: (ئەتڵەسی زمانی: بریتیە لە پەرتوکێک کە کۆمەڵێک نەخشە لە خۆدەگرێت، کەوا تایبەتمەندی (دەنگی و مۆرفۆلۆجی و

سینتاکسی و فەرهەنگی) دیالێکتێک یاخود زمانێک نیشاندەدات، ئەم ئەتڵەسە بە ئامانجی ئەوە هاتۆتەدانان تاکو دەربڕینی دیالێکتێکی زیندوی سەربەزمانێک دیاری بکەن)، پێناسەیێکی گونجاوە لە گەڵ ئامانجی زانستی ئەتڵەسی زمانی، هەروەها یەکیش دەگرێتەوە لە گەڵ سروشتی کاری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە، کە دیاریکردن و تۆمارکردنی دیاردەزمانییەکانی بەشەدیالێکتێکە لە زمانێک لە سەر نەخشە. دەکرێت بگوترێت ئەتڵەسی زمانی بریتیە لە نیشاندانی سنور و ژینگەی تایبەتمەندی دیاردە زمانییەکان و خستنەڕویان لە ڕێگەی هێمای گونجاو و دانانیان لەسەر نەخشەی جوگرافی و دابەشبونیان.

### ١-2-٢ئەرک و گرنگی ئەتڵەسی زمانی:

ئەرکی هەرە گرنگی ئەتڵەسی زمانی لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی هاوچەرخدا تۆمارکردنی ڕاستەقینەیی دیاردە زمانییەکانی زمان و دیالێکتەکانە، لە ناو ئەتڵەسی زمانی کۆیان دەکاتەوە، پوختەی گشت نەخشەکان تۆمارکردنی جیاوازییە زمانییەکانە لە ڕوی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی. و واتایی بەپێی شوێنی نیشتەجێی دانیشتوان لە ژینگەی لادێ و شار و هەرێمەکان، خستنەڕوی گشت جیاوازییە زمانییەکانی یەک زمانە یاخود خاڵە جیاوازی و هاوبەشەکانی دیالێکتەکانی زمانێکە (الینبعاوی١٤٣٦هـ: ٥٨-٥٩).

گشت زانستێک و داهێنانێک لە بواری زانستی مرۆیی و نامرۆیی بێ سود و گرنگی نییە، گرنگی ئەتڵەسی زمانیش خۆی لەم خاڵانە دەبینێتەوە:

١- لێکۆڵینەوەی دیالێکتە جیاوازییەکانە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە بۆ ناساندنی تایبەتمەندییە دەنگی و وشەیی و سینتاکسی. واتاییەکان، هەروەها بۆ خستنەڕوی گۆڕانکاری و جیاوازییەکانە کە لەو زمان و دیالێکتە ڕودەدەن.

٢- دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەی زمانە ڕەسمی و ناوچەییەکانە، کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەتڵەسی زمانی زانیاری ورد و زانستی دەربارەی زمانی لێکۆڵراو دەخرێنەڕو.

٣- پێشکەشکردنی ڕوپێوی جوگرافی زانیارییە زمانییەکانە بۆ ناساندنی بەردەوامی زاری لە نێوان ئێستا و ڕابردودا، کە لەڕێگەی نەخشەکانەوە سنوری نێوان زاراەکان ڕوندەکریتەوە و کارلێك و کاریگەیان ڕوندەبێتەوە.

٤- ئەتڵەسی زمانی بە سودە لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری نێوان دیالێکتەکان و زمانەکان لە ئێستا و ڕابردودا، هەروەها بەراوردکردنی خێزانە زمانە جیاوازەکانە، لە ڕێگەی ئەتڵەسی زمانی زانیاری ورد وەدەستدەخرێت لە بارەی زمانەکان و دیالێکتەکان کە دەکرێت بکرێتە کەرەستەی خاوی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری(الحمید٢٠١١: ٣١-٣٢)، کەواتە ئەرک و گرنگی ئەتڵەسی زمانی کۆکردنەوە و تۆمارکردن و پاراستنی زمانە وەکو کەرەستەیکی خاو، زانیاری دەربارەی ژینگەی جوگرافی وژینگەی زمان و دانیشتوان دەخاتەڕو.


### ١-٣شوێنی جوگرافی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی لە ناو زمانی کوردیدا:

ناوچەی خۆشناوەتی ناوچەیەکی شاخاوی و پڕ لە دۆڵ و نیمچە دەشتی فراوانە، لە ڕوی جوگرافییەوە لە باکورەوە بە گوندی مەلەکان دەست پێدەکات و لە باشورەوە بە دەربەندی گۆمەسپان کۆتایی دێت، لە ڕۆژهەڵاتەوە بە گوندی سەروچاوە دەست پێدەکات و لە ڕۆژئاواشەوە بە گوندی زیارەتی مەلازادان کۆتایی دێت، لە ئێستادا نزیکەی (165) گوندە و دابەشی سەر (١٠) شارەدێ بووە(ئەمین ٢٠١٧: ١٢)، ناوچەکە بە کۆمەڵێک زنجیرە چیا دەوردراوە و بونەتە بەربەست و دابڕان و دابەشبونی هۆزەکە بە سەر ئەو دۆڵ و پێدەشتانە وەک زنجیرە چیای ماکۆک کە لە حاجیاوا دەست پیدەکات تاکو چیای کۆڕەک کە لوتکەی جیای بەرز و مامناوەند لە خۆدەگرێت وەک لوتکەی (ماکۆک، سەری ئاراسن، کارۆخ، بێترخێن، شۆپە، سەرباری خەتێ)، زنجیرە چیای هەورێ کەلە داری قەمتەران دەست پێدەکات تاکو دەشتی هەریرکە لوتکە چیای (سەری سەردۆر، هەورێ، کڵاوقاسم، تەپکی حەمەدەئاغا، تەپکی شیلانە، شاخی سۆر، بنەباوی)دەگرێتەخۆ، زنجیرەچیای سێیەم لە جەلی دەست پێدەکات درێژدەبێتەوە تا کۆڕێ دیارترین لوتکە چیاکانی (سەفین، ئاوەگرد)، کە تایبەتمەندییکی سروشتی جوانی بە هۆزەکە بەخشیوە.

شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی، مەبەست شێوەئاخاوتنێکی کوردی خەڵکی شارۆچکەکانی شەقڵاوە و سۆرانە کە سەر بە پارێزگای هەولێرن، بە گشت شارەدێیەکانی(پیرمام، هیران، خەلیفان)، بە هەمو گوندەکانییەوە، کە سەر بەو ناوچەیەن، ئەو ناوچەیە سنورێکی باریکی دریژبوەوەی نێوان زاری ناوەڕاست و باکورە، هەر لەبەرئەوەیە لەو ناوچەیە تێکەڵەیەک لە هەردو زار بەدیدەکرێت(ڕەسوڵ٢٠١٥: ١٨١)، ئەو بۆچونەی نوسەر بۆ نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو دەگەڕێتەوە، شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی لقێکە لە شێوەزاری سۆرانی زاری کرمانجی ناوەڕاست، لە سنوری هەردو پارێزگای هەولێر و سلێمانی دابەشی سەر چوار شارۆچکە بون. خۆشناو بە درێژایی سنوری چواردەوری هاوسنورە لە گەڵ هۆزەکانی بڵباس و ئاکۆ و سورچی و خەیلانی و زراری و گەردی و شیخانی، بێگومان ئەو هۆزانە کاریگەری زمانیان بەسەریەکەوە هەیە بەپێی تێکەڵی و مامەڵکردنی بەردەوام لە گەڵ یەکتری، بۆ نمونە کارلێکی شێوەئاخاوتنی ئاکۆ و خۆشناو لە شارەدێی بێتواتە، خۆشناو و بڵباس لە شارەدێی سکتان، خۆشناو و سورچی لە شاردەی باسرمە و دەشتی هەریر، لە شارەدێی پیرمام کارلێکی شێوەخاوتنی


گەردی و ناوەنـدی هەولـێر بە ئاسـانی هەسـتی پێـدەکرێت، ئەکسێنت و بنزاری جیاواز لە زۆربەی ناوچە سنورییەکان بونی هەیە، جگە لەو هۆکارانە هۆکاری کـۆمەڵایەتی و جـوگرافی لە ناوچەکە هۆکارن بۆ هەبونی ئەسکسێنتی جیاواز لە ناوچەکە تەنانەت وا ڕێکدەکەوێت لە ناو سنوری یەک گوندا ئەکسێنتی جیـاواز هەسـتی پێـدەکرێت، ئەمەش کـارێکی سروشـتییە لە چوارچێوەی زانستی زمانەوانی.

سـەبارەت بە شـوێنی شـێوە ئاخـاوتنی خۆشناوەتی لە ناو زمانی کـــوردی، کە دابەشی ســـەر چـــوار دیـــالێکتی ســـەرەکی بووە(کرمانجی باکور، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی باشـور، گۆران)، کە هەریەک لەو دیالێکتانە لە چەند شێوەدیالێکتێکی ناوچەیی پێکدێن، شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵات و بـاکوری ڕۆژهەڵاتی شـێوە دیـالێکتی سـۆرانی دیـــالێکتی کرمـــانجی ناوەڕاســـت. وەک لەم هێلکـــاریە ڕونکراوەتەوە:




هێلکاری ژمارە(١) زمانی کوردی و دیالێکتەکانی

(خورشید٢٠٠٨: ٤١).




نەخشەی ژ(١) سنوری شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتی

**١-3-1سنوری کارگێری شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی:**

خۆشناوەکان لە ڕوی کارگێرییەوە دابەشی سەر هەردو پارێزگای هەولـێر و سـلێمانی بـون، کە بەشی زۆرییـان دەکەونە سـنوری پارێزگـــای یەکەم، کە زۆرتـــرین نـــاوچەی خۆشـــناوان لە خۆدەگرێـــت لە هەر سێ شـــارۆچکەی (شـــەقڵاوە، کـــۆیە، سـۆران)، کە لە پـلەی یەکەم شـارۆچکەی شـەقڵاوە دێـت بە ناوەنـــدێکی ســـەرەکی خۆشـــناوەکان دادەنرێـــت، واتە خـــودی شارۆچکەی شەقڵاوە بە تێکرای بە خۆشناو دادەنرێن، پاشان شارۆچکەی کۆیە بەشێکی ناوەندی کۆیە و چەند گوندێکی سەر بە شـارەدێی (شـۆڕش-دێـگەڵە) و شـارەدێی سـکتان بە گشـت گونـــدەکانییەوە، لە شـــارۆچکەی ســـۆرانیش بەشـــێک لە گوندەکانی شارەدێی (خەلیفان) لە خۆدەگرێت، خۆشناوەکان لە سـنوری پارێزگـای سـلێمانی شـارەدێی (بێتـواتە) بە گشـت گونـــــــدەکانییەوە لە شـــــــارۆچکەی ڕانـــــــیە دەگرێتەوە(خۆشناو٢٠١٣: ١٣).بەمشـێوەیە سـنوری کارگێری خۆشـناوەتی بەسـەر ئەم شـارۆچکە و شـارەدێیانە دابەش بـووە ،شـارەدێی ناوەنـدی شەقڵاوە(شـەقڵاوە، کاوانیان)،شـارەدێی هیران(لاسـە، ترگارە، بەرەکە، سپیگرە، چنێران، ئاقوبانی سەرو، ئاقوبـانی خـوارو، پـونگینە، گەرۆتە، بێلیـنگە، کەوەرتیـان، ئەسپینداره، فریز، مەندێر، هیران، بێرۆکان،ناودارۆک، سولاوکی ســـەرو، ســـولاوکی خـــوارو، زیـــارەت)، شـــارەدێی ســـەلاحەدین(زیارەتی مەلازادان ، ئـــاژگە، زێبـــارۆک، شـــێخ مەمودیان، ئالماوانی سەرو، ئالماوانی خوارو، زڕگوز، حوجران، گردەچاڵ، تەوسکە، کۆڕێ، پیرمام، گەلیاوە، داوداوە، شیناوە، خرخـاوە، بانەمـان، سـیوکە، دۆنگـزاوە، کانی لـوڕک، شـێخان، گڕاو، مـاوەلۆ، بیرێـژ، گۆڕەشـێر، قەڵاسـنجی سـەرو، قەڵاسـنجی خـوارو، خـۆران، قـیرژە، سـارتکە، عـاڵلاوە، سـۆرەبان، حـاجی ئەحـــمەد، گۆمەســـپان، دەربەنـــدی گۆمەســـپان)، شـــارەدێی باسرمە(باشورەی سەرو، سورسورە، مۆتراوە، باویان، باسرمە، خەتیبیــان، ئاریســـیرەک، ڕەزگە-خۆشـــناو، سیســـاوە، فاتـــاوە، شـیناوە، کۆیکـان، حەسـەناوە، کـانی تـێر، قادیـانە، قەسرۆک، شەکرۆک، شێخ مەمودیان، میر ڕۆستەمە، مامەجەلکە، بیر ڕەش، کەوەرگۆســک، مــاوەران، مــاوەرانی کــۆن، حــاجی بــایز، مـــیراوە، گەرەوانی خـــوارو، گەرەوانی ســـەرو)، شـــارەدێی بالیسان(شیرەی سەرو، شیرەی خوارو، خۆران، بێراوە، کۆخان، کەندەســـۆر، دەراش، بالیســـان، کـــانیبەرد، شـــێخ وەســـان، توتمە،زێنێ، بالوکاوە، بێرۆ، خەتە، سپیلیک)، شارەدێی ناوەندی کـۆیە( سـوسێ، بـایزبەگ، میکوکـاو، سـماقولی سـەروچاوە، سـماقولی گرتـک، سـێنان، سـماقولی گەلی، گرتـک، جەلی)، شـــارەدێی ســـکتان(جەلی، کاموســـەک، ســـناوە، نـــازەنین، کـــۆلکەڕەش، کونەفلوســـە، پەرژیـــن، گردەشـــێر، کـــۆدەرە، گردگـــۆران، قاقـــا، ئـــاوڕ، جەلی)، شـــارەدێی شۆڕش(کێشـــکە، ونکە،کـانی پەلـک، عەلیـاوە)، شـارەدێی خەلیفان(مەلەکـان، گۆڕشیر، تارینانی سەرو)، شاردێی بێتواتە(سەروچاوە، شکارتەی کـۆن، شـکارتە، ئەنگـۆز، ئامـانج، ئەنـدێک، سەرئەشـکەوتان،

سەروکانیان، بێتواتە، دواوە، بێکێل، هەرتەل، بەرۆژە، زێوە، هەنجیرە، بێناتان، هەرمک، نواوە، وەرێ، مەلۆک، مێرگەسەر، زیخان، سوێرە، ڕوبارە، چیوەی سەرو، چیوەی خوارو، نێوە، بێلینگە، مەمیاوە، خەلیفە، سەردۆل، گردشێر، سەرگەشت، میراوا، کانی توان، قولێ، ئاوڕ، پەرژین)، (فریزی ۲۰۰٦: ۲٥-۲۹)، دوای ڕاپەڕین و ئاوەدانبونەوەی گوندەکان لە ئێستادا نزیکەی ((165 گوند دەبێت.

**۱-٤جێناو:**

جێناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەگێڕێت لە زماندا، کە دەتوانێت شوێنی ناوێک یان فرێزێکی ناوی بگرێتەوە، هەمان ئەرکەکانی ناو لە ڕستەدا ببینێت. جێناوەکان لە ڕوی ژمارەوە کۆمەڵێک پۆلێنی بۆ کراوە، لە ناو جێناوەکاندا (کەسی، هەبی، نیشانە، خۆیی، دیار، نادیار، پرسیار، لێکدەر، چەندێتی،نەفی، هاوبەش) تەنیا جێناوە کەسییەکان بە جێناو دادەنرێن، چونکە دەشێت لە ناو ڕستەدا لە جێی فرێزێکی ناوی بێن، کە ئەمیش جیاوازە لە پۆلێنکردنی چەشنەکانی جێناودا(برزۆ۲۰۰٦:٦). جێناو لە ڕوی واتا و پەیوەندییەوە لە ناو و ئاوەڵناو و ژمارە و ئاوەڵکردار نزیکە، وەک گروپێکی سەربەخۆ لە نێو جێناوەکان شوێنی خۆی هەیە، لە ڕوی واتاییەوە جێناو تایبەتمەندی ئەوەی هەیە کەوا جێگەی پەیوەندی واتایی گشتی نێوان ئەو شتانە دەکاتەوە کە واقیعدا هەن، کەواتە دەتوانین بڵێین جێناو لە ڕستەدا هەمان هەڵسوکەوتی ناو دەکات، جێناو ئەگەرچی لە ڕوی ژمارەوە گروپێکی بچوکە لە ئاخاوتندا ئەرکێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی زۆرە، لە زۆری بەکارهێنانەدا لە پێشەوەی بەشەکانی ئاخاوتنە لە زماندا پلەی یەکەمی وەرگرتووە، زۆری بەکارهێنانەشی بۆ تایبەتێتی ڕێزمانی دەگەڕێتەوە(مارف۲۰۱٤-۷۸-۸۲). ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا بیخەینە بەرباس تەنیا جێناوی کەسییە بە سەربەخۆ و لکاوەوە.

**جێناوە کەسییەکان:**

ئەو جێناوانەن، کە لە بری کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم بەکاردێن، پەیوەندی نێوان بەشداربوانی قسەکردن دەردەخات، کەسی یەکەم قسەکەر(دواندەر) وکەسی دووەم گوێگر(دوێنراو) وکەسی سێیەم نائامادەیە کە (لێدواو)ە واتە ئەو کەسەی کە کەسی یەکەم و دووەم لەبارەیەوە گفتوگۆ دەکەن(خۆشناو۲۰۱۳: ۹۷-۹۸)..

و دابەشی سەر دوو جۆر دەبن:

**۱-٤-۱ جێناوی کەسی سەربەخۆ(جوێ):**

ئەو جێناوانەن، کە بە سەربەخۆیی و وەک مۆرفیمێکی ئازاد(سەربەست) لە ڕستەدا لە شوێنی ناو یان فرێزی ناوی بێنە بەکارهێنان، هەمو ئەرکانی ناو ببینن(سلێڤانەیی۲۰۰۱:٥۷). لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی دو کۆمەڵە جێناوی سەربەخۆ و لکاو بونیان هەیە کە کۆمەڵەیەکیان ئاساییە وکۆمەڵەی دووەم خاوەنییێتییە، کە تێکەڵەن لە نێوان هەردو دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و ژورودا.

| ژمارە | کەس | ئاسایی | خاوەنییێتی |
|---|---|---|---|
| تاک | یەکەم | ئەمن(ئەز) | من |
| | دووەم | ئەتو | تو |
| | سێیەم | ئەو | وی(بۆنێر) |
| | | | وێ(بۆمێ) |
| کۆ | یەکەم | ئەمە | مە |
| | دووەم | ئەنگۆ | نگۆ |
| | سێیەم | ئەوان | وان |

خشتەی ژ(۱) جێناوە سەربەخۆکان

کۆمەڵەی یەکەم وەکو فرێزێکی ناوی ئەرکی (بکەر، بەرکار،جێگەری بکەر) دەبینن لە ڕستەدا:

| ج.سەربەخۆکان لە ئەرکی بکەریدا | ج.سەربەخۆکان لە ئەرکی بکەریدا | ج.سەربەخۆکان لە ئەرکی بکەریدا |
|---|---|---|
| ئەمن نان خوارد. | ئەوی ئەمن ناردە داران. | ئەتوە بردرتی. |
| ئەتو ئاو هینا. | ئەوان ئەتوا هەربژاردیە. | ئەوێ جەرگ سوتا. |
| ئەوی دار برین. | ئەمن ئەوێ ڕەوانەکەمەوە ماری. | ئەمە ئەخەنکێین. |
| ئەوێ نان کرد. | ئەنگۆ ئەوێ ڕەوانکەنۆ ماری. | ئەنگۆ ئامینێن. |
| ئەمە چوینە کویستانێ. | ئەحمەدێ ئەمە بردینە هەولێرێ. | ئەوانە شکێن. |
| ئەنگۆ هەڕونە دروتێ. | ئەمن ئەنگۆ دیت. | |
| ئەوان باخچە خاوێن کردنۆ. | هێرش ئەوانە باتە ڕانیێ. | |

خشتەی ژ(۲) ئەرکی جێناوە سەربەخۆکانی کۆمەڵەی یەکەم.

کۆمەڵەی دووەم کە بە خاوەنییێتی ناسراون ئەرکی (دیارخەری، تەواوکەری بەیاریدە، تەواوکەری کاری ناتەواو) دەگێڕن:

| ئەرکی دیارخەری | ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە | ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواو |
|---|---|---|
| باوێ من عارد گێرا. | سەیارەی لۆ من کری. | ئەو سەیارە ئێ منە/بوەبی. |
| باوێ توعارد گێرا. | عاردم لە تو کری. | ئەو سەیارە ئێ توە/بوەبی. |
| باوێ وی /وێ عارد گێرا. | تەماتەم بە وی/وێ فرۆتن. | ئەو سەیارە ئێ ویە،وێیە/بوەبی. |
| باوێ مەعارد گێرا. | سەیارەی لۆ مە کری. | ئەو سەیارە ئێ مەیە/بوەبی. |
| باوێ نگۆعارد گێرا. | عاردم لە نگۆ کری. | ئەو سەیارە ئێ نگۆیە/بوەبی. |
| باوێ وان عارد گێرا. | تەماتەم بە وان فرۆتن. | ئەو سەیارە ئێ وانە/بوەبی. |

خشتەی ژ(۳) ئەرکی جێناوە سەربەخۆکانی کۆمەڵەی دووەم. (بابەکر۲۰۰۹: ۱۰۰-۱۰٦).

ئەم کۆمەڵەیە هەرگیز لە سەرەتای ڕستە دەرناکەون، ئەوەی ئەو دو کۆمەڵە جێناوە لێک جیادەکاتەوە ئەوەیە کە کۆمەڵە جێناوی ئاسایی پێشگری (ئە) لەگەڵ بەکاردێت، بەڵام کۆمەڵەی خاوەنیێتی هیچ پێشگرێکی لە گەڵ بەکارنایێت.

**۱-٤-۲ جێناوی کەسی لکاو:**

ئەو جێناوانەن کە بە سەربەخۆیی بەکارنایێن تاکو بە واژەیەکی ترەوە نەلکێن، ناکرێت ئاخاوتنیان پێ دەستپێبکات.

جێناوی لکاویش لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی بەهەمانشێوەی جێناوی کەسی سەربەخۆ لە دو کۆمەڵە جێناو پێکدێت(ڕەسول۲۰۰۱:٤٤).


بەمشێوەیە:

| ژمارە | کەس | ج.لکاو | |
|---|---|---|---|
| | | A | B |
| تاک | ١ | م | م |
| | ٢ | ت | ی |
| | ٣ | ی | ∅ی_(یتن)، ی (یتن) — ا (اتن) |
| کۆ | ١ | ن، مان | ین |
| | ٢ | و،تان | ن |
| | ٣ | یان | ن |

خشتەی ژ(٤) جێناوە لکاوەکان

جێناوی لکاو لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، کە جیایدەکاتەوە لە کرمانجی ناوەڕاست وەک:

١- جێناوی کەسی سەربەخۆ لە ڕستەی کاری ڕابردوی تێپەڕ هەبو جێناوی لکاوی کۆمەڵەی خاوەنیێتی دەرناکەون وەک:




کۆمەڵەی دووەمی جێناوە لکاوەکان بەهەمانشێوەی کرمانجی ناوەڕاست لە گەڵ گشت کارەکان بەکاردێت جگە لە کاری ڕابردوی تێپەڕ(بابەکر٢٠٠٩: ٤٦-٤٨)، کەواتە جێناوە کەسییەکان لە شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتیدا لە ڕوی ژمارەی کۆمەڵە جێناو و دەرکەوتن کۆمەڵێک تایمەندی خۆی هەیە کە جییایان دەکاتەوە لە شێوەزارەکانی تر.

## بەشی دووەم: دیاریکردنی جێناوەکەسییەکان لە ئەتڵەسی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا:-

### ١-٢ دەستپێک:

دیاریکردن و شیکردنەوەی گۆڕاوی جێناوەکەسییەکان، کە لایەنی کارەکی توێژینەوەکەی گرتۆتەخۆ، بەمشێوەیە دابەشکراوە، ئەو جێناوانەی وەرگیراون بریتین لە (جێناوەکەسییەکان/سەربەخۆ، لکاو)، هۆکاری هەڵبژرادنی ئەو مۆڕفیمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وا هەستکراوە جیاوازییەکان لەو جێناوانەدا بەدیدەکرێن و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو جێناوانە هەڵبژێردراون، ژمارەی ئەو جێناوانەی وەرگیراون(٢٢) جێناوە، سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی جێناوەکان بەپێی گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامی کورت داتاکان وەرگیراون و دەنگی ئاخێوەران(فۆرمانتەکان) تۆمارکراوە و دوای گوێگرتنەوە لێیان شیکردنەوەیان بۆکراوە، وەرگرتنی ڕێژە و شیکردنەوەی داتاکان بە بەرنامەی (spss)کراوە، کە بەرنامەیەکی تایبەت بە شیکردنەوەی داتای زانستە مۆرۆڤایەتییەکانە، سەربارەت بە جۆری جێناوە وەرگیراوەکان تەنیا جێناوە کەسییەکان وەرگیراون بە جێناوی سەربەخۆ و لکاوەوە، بەمشێوەیەی خوارەوە خراونەتەڕو:

### ٢-٢ جێناوە کەسییەکان:

#### - گۆڕاوی ژمارە(١)جێناوی کەسی یەکەمی تاکی سەربەخۆ{ئەمن} لە دۆخی بکەریدا لە، مۆڕفیمەدا:


١- لە هەر دە شارەدێ مۆڕفیمی { ئەمن} وەک خۆی بەکاردێت.

٢- لە دو شارەدێ مۆڕفیمی { ئەز} بەکاردێت لە هەمان کاتیشدا مۆڕفیمی{ ئەمن} بەکاردێت، لە کۆی هەردو شارەدێ لە چەند گوندێکی دیاریکراو مۆڕفیمی { ئەز} هاوشانی مۆڕفیمی { ئەمن} بەکاردێت لە چاڵی بکەردا.

وەک:

- ئەمن دەرس خوێند.

- ئەزێ چمە هەرتەڵێ.





#### - گۆڕاوی ژمارە(٢)جێناوی کەسی دووەمی تاکی سەربەخۆ{ئەتو}لە دۆخی بکەریدا:

١- لە هەر دە شارەدێ مۆڕفیمی { ئەتو}وەک خۆی بەکاردێت.

٢- لە یەک شارەدێ مۆڕفیمی{ تۆ} تەنیا لە یەک گوندا بەکاردێت.

وەک:

- ئەتو دەرس خویند.
- تۆ دارت هینان.





**- گۆڕاوی ژمارە(٣)جێناوی کەسی سێیەمی تاکی سەربەخۆ{ئەو} لە دۆخی بکەریدا:**

١- لە پێنج شارەدێدا مۆرفیمی{ ئەو}بەکاردێت.

٢- لە پێنج شارەدێ مرفیمی { ئەوی}بۆ نێر و مۆرفیمی{ ئەوێ}بۆ مێ بەکردێت واتە مۆرفیمی دۆخی نێر و مێ وەک پاشگر زیاد دەکرێت.

وەک:

- ئەو درونەی کرد.
- ئەوی باخچە ئاودا.
- ئەوێ نان کرد.





**- گۆڕاوی ژمارە(٤)جێناوی کەسی یەکەمی کۆی سەربەخۆ{ئەمە}لە دۆخی بکەریدا:**

١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی { ئەمە}وەک خۆی بەکاردێت.

٢- لە یەک شارەدێ مۆرفیمی{ ئێمە}هاوتای **{ئەمە}** بەکاردێت.

وەک:

- ئەمە چوینە داران.
- ئێمە باخچەمان پەرژینکرد.





**- گۆڕاوی ژمارە(٥)جێناوی کەسی دووەمی کۆی سەربەخۆ{ئەنگۆ}لە دۆخی بکەریدا:**

١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی { ئەنگۆ}وەک خۆی بەکاردێت.

٢- لە یەک شارەدێ مۆرفیمی{ ئێوە}تەنیا لە یەک گوندا بەکاردێت.

وەک:

- ئەنگۆ مەڕ بریەوە.
- ئێوە خانوەکەتان بۆیاغکرد.





**- گۆڕاوی ژمارە(٦)جێناوی کەسی سێیەمی کۆی سەربەخۆ {ئەوان}لە دۆخی بکەریدا:**

١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی { ئەوان}وەک خۆی بەکاردێت.

وەک:

- ئەوان مەڕ بردنە کویستانێ.





**- گۆڕاوی ژمارە(٧)جێناوی کەسی یەکەمی تاکی سەربەخۆ{من}لە دۆخی خاوەندارێتی:**

١- مۆرفیمی { من}وەکو کۆمەڵەی جێناوی دووەم لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی کە چاڵی بەرکاری پردەکاتەوە لە هەر دە شارەدێ وەک خۆی بەکاردێت.

وەک:

- کچێ من زۆرە زیرەکە.



**- گۆڕاوی ژماره(٨)جێناوی کەسی دووەمی تاکی سەربەخۆ {تو}لە دۆخی خاوەندارێتی:**


١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی { تو}وەک خۆی بەکاردێت.

٢- لە یەک شارەدێ مۆرفیمی{ تۆ}تەنیا لە یەک گوندا بەکاردێت.

وەک:

- کوڕی تو هاتەوە.

- کوڕی تۆ بۆتە مامۆستا.




**- گۆڕاوی ژماره(٩)جێناوی کەسی سێیەمی تاکی سەربەخۆ{وی} و{ وێ}لە دۆخی خاوەندارێتی:**


١- لە شەش شارەدێ مۆرفیمی { وی} و{ وێ}بەکاردێت کە مۆرفیمی دۆخی نێر و مێ دەردەکەوێت.

٢- لە چوار شارەدێ مۆرفیمی{ وی } بۆ دۆخی نێر و مێ بەکاردێت.

وەک:

- کوەڕی وی بویتە دختۆر.

- کچی وێ بویتە مامۆستا.




**- گۆڕاوی ژماره(١٠)جێناوی کەسی یەکەمی کۆی سەربەخۆ{مه} لە دۆخی خاوەندارێتی:**


١- لە نۆ شارەدێ مۆرفیمی { مه}بەکاردێت.

٢- لە یەک شارەدێ مۆرفیمی{ ئێمه، مه}بەکاردێت.

وەک:

- باوی مه دەمەکە نەمایە.

- باخی ئێمه ئیشک بوە.




**- گۆڕاوی ژماره(١١)جێناوی کەسی دووەمی کۆی سەربەخۆ{نگۆ}لە دۆخی خاوەندارێتیدا:**


١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی { نگۆ}بەکاردێت.

٢- لە یەک شارەدێ و تەنیا لە یەک گوندمۆرفیمی{ ئێوه}بەکاردێت.

وەک:

- سیارێ نگۆم کریەوە.

- بابی ئێوه لە کەنگینەوە نەخۆشە؟




**- گۆڕاوی ژماره(١٢)جێناوی کەسی سێیەمی کۆی سەربەخۆ {وان}لە مۆرفیمەدا:**

١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی { وان }وەک خۆی بەکاردێت.

٢- لە یەک شارەدێ تەنیا لە گوندێک مۆرفیمی{ ئەوان}بەکاردێت.


٣- لە یەک شارەدێ و لە چەند گوندێک مۆرفیمی { وا}بەکاردێت کەوا مۆرفیمی{ ن}ی کۆ دەرنابڕن.

وەک:

- باوی وان چویتە حەجێ.

- بابی ئەوان دەمێکە مردووە.

- داکا وا نەخۆشە.




## ٢-٣ جێناوە کەسییە لکاوەکان


**- گۆڕاوی ژماره(١٣)جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک{م} لە دۆخی بکەری و خاوەندارێتیدا:**

١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی {م}بەکاردێت.

وەک:

- خواردم.

- هاتم.





**- گـــۆڕاوی ژمـــارە(١٤)جێنـــاوی لکـــاوی کەسی دووەمی تاک{ت}لە دۆخی بکەریدا:**

١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی {ت}بەکاردێت.

وەک:

- خواردت.





**- گـــۆڕاوی ژمـــارە(١٥)جێنـــاوی لکـــاوی کەسی ســـێیەمی تاک{ی}لە دۆخی بکەریدا:**

١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی {ی}بەکاردێت.

وەک:

- کڕی.




**- گۆڕاوی ژمارە(١٦)جێناوی کەسی یەکەمی لکاوی کۆ{ن}لە دۆخی بکەریدا:**


١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی {ن}بەکاردێت.

٢- لە سێ شارەدێ هاوتای مۆرفیمی {ن}مۆرفیمی {مان}یش بەکاردێت.

وەک:

- نانن خوارد.

- نانمان خوارد.




**- گۆڕاوی ژمارە(١٧)جێناوی کەسی دووەمی لکاوی کۆ{و} لە لە دۆخی بکەریدا:**


١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی {و} بەکاردێت.

٢- لە پێنج شارەدێ هاوتای مۆرفیمی {و}مۆرفیمی {تان}یش بەکاردێت.

وەک:

- عاردو کێڕا.

- عاردتان کێڵا.





**- گـــۆڕاوی ژمـــارە(١٨)جێنـــاوی کەسی ســـێیەمی کـــۆی لکاو{یان}لە دۆخی بکەریدا:**

١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی { یان}وەک خۆی بەکاردێت.

وەک:

- ماریان بارکرد.





**- گۆڕاوی ژمارە(١٩)جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک {ی} لە دۆخی خاوەنداریێتیدا:**

١- لەهەر دە شارەدێ مۆرفیمی {ی}وەک خۆی بەکاردێت.

وەک:

- هاتی.




**- گــۆڕاوی ژمــارە(٢٠)جێنــاوی لکــاوی کەسی ســێیەمی تاک{ێ}لە دۆخی خاوەندارێتیدا:**

١- لەهەر دە شارەدێ مۆرفیمی {∅} و { ێ}و{ ێت} و { ی}و{ یت} و{ ا}و{ات} وەک خۆی بەکاردێت.

٢- لە پێنج شارەدێ مۆرفیمی{ ێتن، یتن، اتن}هاوتای {∅} و { ێ}و{ ێت} و { ی}و{ یت} و{ ا}و{ات} بەکاردێت.

وەک:

- هات∅.
- دەچێ، دەچێت، دەچێتن.
- دەکرێ، دەکرێت، دەکرێتن.
- دەکا، دەکات، دەکاتن.





**- گۆڕاوی ژمارە(٢١)جێناوی کەسی یەکەمی لکاوی کۆ{ین}لە لە دۆخی خاوەندارێتیدا:**

١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی {ین}بەکاردێت.

وەک:

- هاتین.





**- گۆڕاوی ژمارە(٢٢)جێناوی کەسی دووەم و سێیەمی لکاوی کۆ{ن}لە دۆخی خاوەندارێتیدا:**


١- لە هەر دە شارەدێ مۆرفیمی {ن}بەکاردێت.


وەک:


- هاتن.
- هاتن.






## ٤-٢ ئەتڵسی جێناوەکان:






























































## ئەنجام:

١- شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی تا ڕادەیەکی باش تایبەتمەندییە زمانییەکانی خۆی پاراستووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە گەڵ شێوەزارەکانی هاوسنوری هەندێک گۆڕان تێیدا ڕویداوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەریان بەتایبەت لە سنوری شاردێی(بێتواتە، سکتان، ناوەندی کۆیە، شۆڕش، سەلاحەدین).

٢- هەڵکەوتە جوگرافییەکەی شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتی وایکردووە بەپێی دووری و ئاسانی و سەختی جیاوازییەکان زیاد

وکەم بکات، ئەو ناوچانەی هاتوچۆی زیاتری بەسەرەوە بووە زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری گۆڕانەکان.

٣- جێناوی کەسی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاک لە شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتیدا فۆڕمەکانی(من، ئەمن، ئەز) بەکاردێن.

٤- جێناوی کەسی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاک دۆخی نێر و مێ دەردەکەوێت (ئەوی، ئەوێ، وی، وێ)، بە تایبەتی لە سنوری شاردێی بێتواتە و بالیسان.

٤- جێناوە لکاوەکان بە پێچەوانەی زاری کرمانجی ناوەڕاست لە چەند حاڵەتێکدا لە گەڵ جێناوە سەربەخۆکان و جێناوی خۆیی دەرناکەون، وەک لە گەڵ جێناوی سەربەخۆ لە کاری ڕابردوی تێپەڕ، جێناوی خۆیی لە گەڵ کاری ڕانەبردوی تێپەڕ، لە گەڵ جێناوی خۆیی جەختکردن لە کاری ڕابردوی تێنەپەڕ.

٥- لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی دو کۆمەڵە جێناوی کەسی سەربەخۆ بونیان هەیە، کە کۆمەڵەی یەکەم کۆمەڵەیەکی ئاساییە و کۆمەڵەی دووەم کۆمەڵەی خاوەنێتییە.

## سەرچاوەکان:


١- ئەحمەد، عەبدولمەناف ڕەمەزان(٢٠١١)، ئەتڵەسی زمانی هەرێمی کوردستانی عێراق وەک نمونە، چاپخانەی خانی، دهۆک.

2- ئەمین، بەختیار محەمەد(٢٠١٧)، خۆشناوەتی لەسەدەی بیستەمدا، چ١، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٣- خورشید، فواد حەمە(٢٠٠٨)، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، چ ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤- خۆشناو، هێمن عومەر(٢٠١٣)، کانی خۆمان، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیۆی کەلەپوری کورد، سلێمانی.

٥- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا(٢٠١٣)، ڕێزمانی کوردی، چ٣، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٦- ڕەسول، عەبدوڵا حسێن(٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی-کوردی، چ١، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

٧- سەعید، یوسف شەریف(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٨- فریزی، خالید(٢٠٠٦)، چەند زانیارییەک دەربارەی ناوچەی خۆشناوەتی، چاپخانەی بژار، هەولێر.

٩- مارف، ئەورەحمانی حاجی(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، وشەسازی- جێناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- نامەی ئەکادیمی:

١٠- بابەکر، نەبەز فەتاح(٢٠٠٩)، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

١١- برزۆ، ئومێد بەرزان(٢٠٠٦)، ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقیندا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

١٢- سلێڤانەیی، ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠١)، ڕێکەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

١٣- الينبعاوى، غنيم غانم(١٤٣٦)، جهود خليل محمود عساكر في الدرس اللغوي،د.ت، مكة كرمة، سعودية.

١٤- الشناوي، خالد نعيم(٢٠١٠)، الاطلس اللغوي في التراث العربي_ دراسة في كتاب سيبويه، ط١، مطبعة دار السياب للطباعة و النشرـ و التوزيع، لندن.

١٥- دراج، احمد(٢٠٠٩)، ملكة اللسان، ط٢، الناشر مكتبة الاداب، القاهرة.

١٦- عبدالتواب، رمضان(١٩٩٧)، المدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي، ط٣، دار النشر مكتبة الخانجي،القاهرة.

١٧- عباس، المشتاق(٢٠٠١)، معجم المفضل في فقه اللغة، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت.

١٨- عمر، احمد مختار(١٩٩٥)، محاضرات في علم اللغة الحديث، ط١،م.عالم الكتاب، بيروت.

١٩- ماريۆباى(١٩٩٨)،اسس علم اللغة، ت.عمر. احمد مختار، ط٨، عالم الكتب، قاهرة.

٢٠- فرستيغ، كيتس(٢٠٠٣)، ت.الشرقاوي، محد، اللغة العربية تاريخها و مستواياتها و تأثيرها، المجليس الأعلى الثقافة،المشروع القومي للترجمة، ط١، القاهرة.

٢١- الحرمي، عمر عبدالرحمن حسين علي(٢٠١٣)، التوزيع اللغوي الجغرافية في شبه الجزيرة العربية،الطروحة الدكتوراه، قسم اللغة العربية، كلية التربية العلوم الأنسانية، جامعة البصرة.

- گۆڤار:

٢٢- الحميد، عبدالعزيز بن حميد(٢٠١١)، علم اللغة الجغرافي بين حداثة و المصطلح و اصوله لدي العرب، مجلة الدراسات اللغوية و الادبية، ع ٢، كلية اللغة العربية بالرياض، جامعة الامام محد بن سعود الاسلامية، سعودية.

٢٣- الواعد، مازن عواض(٢٠٠٦)، التفكير اللغوي عند الجغرافين و الرحالة العرب في الضوء اللسانيات الجغرافية المعاصرة، مجلة التراث العربي، ع ١٠٤، ٢٦/كانون الاول، ديمشق.

٢٤- مرداسي، العبودي(٢٠١٥)، اللسانيات الجغرافية و اثر في توجيه دالالة الكلمات القورآنية، مجلة الأثر، ع٢٢، باتنة، جزائر.

25- Boberg, Charles, Nerbonne, john, Watt, Dominic (2018), dialectology, the edition first, wiley Backwell.

26- Bussmann, Haumod(1996), Routledgedic tionary of language and linguistics.